# زەڕەبینەکان

شێرکۆ بێکەس
(سلێمانی)

### کەڵەشێر

کازیوە بوو
بە تەنها هەر
کەڵەشێرێ چاوی لێبوو
کچەی عاشقی ناو گوندیان
لە بنەبانی کادانێ
چۆن سەربڕی!
بۆیە ئەویش
گەڕایەوە بۆ کولانە و
مانی گرت و بڕیاریدا
بەیانیان ئیتر نەخوێنێ!

### قاپێ شەراب

قاپێ شەرابی «ڕووممانی»
ئەگەڕایەوە بۆ سابلاخ
ڕووی تێکردم: ئیشێ؟ کارێ؟
ڕاسپاردەیەک، چیت هەیە؟
وتم تەنها هەر ئەوەندە
کە گەیشتی
لای «هێمن» ببە بە میوان
با پێش هەموو کەسێ هەر ئەو
سەرت بادا و هەڵتبڕێ و
هەر لە ژوورەکەی ئەویشدا
لە تەک ژنە شیعرێکی مەست و سەرخۆشدا
بۆ خۆت بنوو
تا شاعیر لە خەو هەڵئەسێ!



### دوور و نزیک

چاو ئەنووقێنم نزیکی
کە کردمەوە ئێجگار دووری

تۆ بۆ من هەرگیز جەستە نیت
تۆ بۆ من ڕۆحی بێ شوێن و
زەمانێکی بەردەوامی
خەون و شیعری!

### دارکونکەرە

دارکونکەرە
دارتاشێکی لووت درێژە
بە تەنها پەنجەرەی خڕ خڕ
بۆ سمۆرە دروست ئەکا
تا سمۆرەیش قاچ لەسەر قاچ
بە ئێواران لەبەر دەمیا
دابنیشێ و
لەوێوە سەیری مەمکۆڵە
خڕەکانی دار گوێز بکا!

### درێژترین قەسیدە

ئەم پاییزە
هەر خەریکی کۆکردنەوەی
وشە ئەبم
بۆ ئەوەی کاتێ زستان هات
من درێژترین قەسیدە
بۆ خۆشەویستیت بنووسم!

### عەشق

عەشقی کچێ
دەستی وەشاند لە کوڕێک و
ئیتر کوڕە بوو بە پووشووی
ناو گێژەنێ!
کە نامۆییش
دەستی وەشاند لە شاعیرێ
ئیتر شاعیر بوو بە مەلێکی ئێوارەی
پاییزان و
هۆنراوەیشی
بوون بەو جۆگە غەمگینانەی
بەدەم ڕێوە
ناوە ناوە
پەلکیان بەسەردا ئەبارێ!

### گەڕان

گەر گەڕای بە شوێن پاییزدا
مەچوو بۆ هیچ شوێنێکی تر
دڵم نەبێ
گەر گەڕای بەشوێن بەهاردا
بۆ هەر شوێنێ ئەچی بچۆ
دڵم نەبێ!

### جیاکردنەوە

تا «ئازادیی»
دەمامکدار و «ئازادیی» بێ دەمامک
لە یەکتری جوێ کەیتەوە،
ئەبێ بچی و لە پشتەوە
جلەکانیان هەڵبەیتەوە،
لە ناوەڕاستی پشتیان و
سەر و سمتیان وردبیتەوە.
تا بە چاوی خۆت ببینی:
لەسەر کامیان جێ پەنجەی قیژە هەر ماوە؟!
لەسەر کامیان ئازار جۆگەی هەڵکەندووە؟!
لەسەر کامیان خۆری خوێنین هەڵهاتووە؟!
لەسەر کامیان دەموچاوی جەللاد دیارە؟!
تا ئازادیی دەمامکدار و ئازادیی
بێ دەمامک لە یەکتری جوێ کەیتەوە!

### چاوەڕوانی

لە چاوەڕوانی باراندا
هەموو کز کز ڕاوەستابوون
درەختێکی پیرەمێردیان
بە درەختێکی گەنجی وت:
ئەگەر نەهات
تا هەفتەیەکی تر نەهات
من نامێنم و
ئەوسا تۆ زیندوو من مردوو
بچۆ بەو خانووە قوڕانەی
ئەوبەر بڵێ
با هەموویان
بێن بۆ ئێرە و بمبڕنەوە و
کەرتم کەن و هەڵمگرن و
لە شەوگاری بەفرانباردا

بمکەن بە پشکۆی ئاگردان!

**دایکی**

دایکی ئەیوت:
ئەوسا من دوو دڵم هەبوو
دڵێکیانم لەلای تۆ بوو
لەسەر شاخ و
دڵێکیشم لێرە لای نان!
ئەموت ئەگەر
یەکەمیان بگەڕێتەوە
دووهەمیشیان پەیدا ئەبێ و
لەگەڵ ئەودا دێنەوە ماڵ.
گەرچی ئەو دڵەی سەر شاخم
هاتۆتەوە و وا لە ماڵە
بەڵام دڵی لای نانەکەم
وەکو جاران
ئێستەیش ژوورێکی خاڵییە و
ئێستەیش سکێکی بەتاڵە!

**ورووژاندن**

هەنگێک بە تەنها هەر لەبەر
ورووژاندن
ڕۆژێ شانەکەی خۆی شێوان
هەتا شانە کەوتە خوارێ و
هەنگوین ڕژا
«با»یەک بە تەنها هەر لەبەر
ورووژاندن
لەگەڵ ئاگر کەوتە گاڵتە
هەتا خەرمان گڕی گرت و
دەشتیش سووتا
منیش ڕۆژێ
هەر لەبەر ورووژاندن بوو
هیچی تر نا
ڕقی هەندێ وشە و ڕستەی
خۆمم هەستان
بەڵام وەختێ تەماشام کرد
لە نێوانی شیعرەکانما
شەڕێکی گەورە هەڵگیرسا و
لەو ناوەدا

قەڵەمەکەی منیش کوژرا!

**هۆکارەکان**

بە هۆی خەمێکی بچکۆلەی
کۆڵانەوە
خەمی گەورەی ناو گەڕەکم
هەموو ناسی
بەهۆی بیرێکی ڕووناکی گەڕەکەوە
هەموو بیرە گەشەکانی شارم ناسی
بەهۆی کتێبێکی جوانی ناو شارەوە
کتێبی جوانی وڵاتم
هەموو ناسی
بەهۆی هاواری ئازادیی وڵاتەوە
هەموو هاواری
ئازادیی
دنیام ناسی!

**بیرکردن**

تۆ کە بیرم ئەکەیت ڕەنگە
جار بەجارێ بچیتە بەر
ئاوێنەکانی «دیوان» و
بۆ چەند ساڵێ من ببینی و
لە دواییشدا دابنیشی،
بەڵام کە من بیری تۆم کرد
خەیاڵێکم هەیە درێژ
لە کەناری شیعر و گۆرانیی درێژتر
ئەوەی نەیبێ دانیشتن و کۆتاییە
ئەوەی نەیبێ سنووری ئێرە و ئەوێیە
ئەوەی بە تەنهایش تیایەتی
چاوە سەوزەکانی تۆیە!

**تووتی**

پیرێژنێکی «باوەنوور»
تووتییەکەی خۆی فێرکردبوو
ئەمەی ئەوت:
من هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان
نەمبینیوە:
نەک خودا خۆی
«مەئموورێکی نفووس»یشی

بە سەردانێ
بێت بۆ لامان!

### سەرەوە و خوارەوە

لە سەرەوە
وەختێ چراکەیان هەڵکرد
پرشنگێ خۆی کرد بە ئاودا و
لە بنەوە
بۆ جێژوانی دوو ماسی
ئەویش لەوێ بوو بە چرا
لە سەرەوە چراکەیان کوژاندەوە
لە خوارەوە
جێژوان تاریکی کرد و
ماسی دڵدار لێک ون بوون و
چرایش خنکا!

### خۆر

کە خۆری بەیانیان لێم ئەدا
هەست ئەکەم، خونچەم و تازەم و
ئەمەوێ پێبکەنم!
کە خۆری نیوەڕوان لێم ئەدا
هەست ئەکەم درەختم و گەرمامە و
ئەمەوێ گەڵاکان لەبەرم داکەنم
کە زەردەی ئێوارەیش لێم ئەدا
هەست ئەکەم شەپۆلی ماندووم و
بەرەو بن دائەچم!

### گەورە بوون

لەو لاوە
ئەو دارە چرۆیەک دەرئەکا
لەم لاوە
ئەو تەیرە هێلکەیەک ئەکات و
لە خوارێ
زنەیەک هەڵئەقوڵی و
لە سەری
کزەیەک هەڵئەکا و
لە ژووری کاغەزما
وشەیەک پێ ئەگرێ
وەرز هات و
وەرز ڕۆیشت و
چرۆکە بوو بە دار
هێلکەکە هەڵفڕی
زنەکە هاژەی کرد
وشەکەیش
پڕوپۆی هاویشت و
ژوورەکەی داپۆشی!

### دەرزی

کونی دەرزیی بچووک نییە
من ئەو ڕۆژە لەو کونەوە
تاڵێ دەزووی ڕەشم بینی
بوو بوو بە شەقام بۆ موورووی
نێوان مەم و بەر گەردنی!

### پەند

هەموو پەندەکان نەخش نین
نەخشی بەرد نین
تیایاندایە
نەخشی کەفە و
نەخشی لە و
درۆی دێرین!

### جل

«بێکەس» ئەیوت:
هەر «خۆشییەک» لەبەر ئەکەم
یان قۆڵەکانی درێژە
یاخود کورتە
یاخود فشە، یاخود تەنگە
بە بەری من
هەر «خەم»ێکیش لەبەرئەکەم
ڕێک ئەڵێی بۆ من کراوە
لە هەر کوێ بم!

### بادە

تۆ ئەی بادە!
هەموو شەوێ وەرە بۆ لام
نە لە دەرگای ژوورم بدە و
نە بشپرسە

ئایا لێرمم؟!
من هەر لێرمم
لە وڵاتێکی بەتاڵ و کەرولاڵدا
چی بڵێم و بۆ کوێ برۆم؟!

ئەگەر

خودایە گەر دۆزەخیی بووم
بەو ئاگرە بمسووتێنە
کە لە ئەنفالدا کەوتەوە
خودایە گەر بەهەشتیش بووم
هەر چل حۆرییەکە بۆ خۆت و
حۆرییەکەی ئێرمم بەرەوە!

قرژاڵ

ئاوێکی لێڵ
قرژاڵێ ڕوونیکردەوە
بۆ ئەو ماسییە عاشقانەی
لە بنەوە
لە گەرمەی ماچ و مووچدا بوون!

میرات

دوای مردنم
شیعرەکانم لە ماڵەوە کۆئەبنەوە
لەسەر میراتی وشەی جوان
لەسەر سامانی ئەفراندن
لەوانەیە لە بەینیاندا
شەڕێکی ناوخۆیش هەڵگیرسێ!
ئەوەی کە من لێی ئەترسم
هۆنراوە ناشیرینەکان
کودەتایەک بەرپاکەن و
سەریش کەون و
باشەکانیش کەمترینیان بەربکەوێ!

مردن و مانەوە

من هەندێ قەسیدەم هەبوون
خۆشەویست بوون
بەداخەوە بە گەنجێتی
مردن و سەریان نایەوە
یەکێک بە جەڵتەی دڵداری و
یەکێک بە جەڵتەی سیاسی و
یەکێک بە زەردوویی وشە و
یەکێکی تر بە «تەشەموع»ی ناوەرۆک!
دووانی تریش لە شەوێکی
ئێجگار ساردی نامۆییدا و
لەناو بەفری زۆر باریوی
دەفتەرێکما ڕەق بوونەوە
وەلێ بۆ بەدبەختی بەهرەیش
کۆمەڵێ شیعریشم هەیە
ئەگەرچی عومریان درێژە و
ڕیشیان درێژ
کەچی لە بەخشین کەوتوون و
لە ناوونیشانی زل زیاتر
هیچیان نییە و
هێشتایش ماون!

خەڵوەت

ئەو پیاوە
چۆتە خەڵوەتی
ئەو دنیاوە
بۆ ئەوەی خودا ببینێ و
بەرز بفڕێ و
ڕۆحی بگاتە کەشکەڵان.
ئەم پیاوەیشیان
لە دۆزەخی ئەم دنیادا
وا ئەسووتێ و
خۆزگەی نییە
خوا ببینێ یان نەیبینێ
بفڕێ و نەفڕێ
تەنها خەونی ئەم ئەوەیە
نان ببینێ و
لەسەر زەوی
مانایەک بدا بە ژیان!

بیانوو

قومرییەک بە بیانووی
هێنانی پووشەوە
بۆ دەرگای هێلانە
هەڵفڕی و لە ڕێگا

رێی گۆڕی
بۆ ئەوەی لە پەنا بەردێکدا
یارەکەی ببینێ و
ماچی کا!

### جرج

لە ژێر ئەرزا
جرجێ بە جرجێکی ئەوت:
دڵم خۆشە
لە سەرەوە دەنگی پاچ دێ و
لە پاش توزێ
لاشەیەکی تازە تازە دائەبەزێ و
بۆ زەخیرەیش
خەممان نابێ بۆ زستانێ!

### ماڵی پاییز

ڕێگەم کەوتە ماڵی پاییز
نزیکەی مانگێ مامەوە
کە هاتمەوە
خەڵکی منیان نەناسییەوە و
بە گومان بوون
چونکە هەرچییەکم ئەوت
هەڵئەوەری و
هەرچیشم کۆئەکردەوە لەگەڵ یەکدا
هەر تەنیا بوون!

### گەڕانەوە

«ئەو» بە قاچێکی شەلەوە و
بە یەک دەستەوە هاتەوە
نە توانی باوەشی تەواو
بکا بە ژنەکەی خۆیدا و
نە بە تەواوی هەڵپەڕێ و
نە ڕێک بڕوا و نە بتوانێ
ڕێک بوەستێ و
نە منداڵەکەیشی هەڵدا و بیگرێتەوە و
نە لە نزا و پاڕانەوە و
دەست هەڵبڕینی دوای نوێژدا
بە تەواوی خوایش ڕازی کا!
هەتا دوو قاچی تەواو و
هەتا دوو دەستیش وەستابن
نە کارگە ئەیەوێ و
نە پاچ و نە مەکینە و نە شوفێری و
نە حەرەسیی.
دوای ئەمانەیش
وەختێ ئەڕوات و ئەشەلێ
نیشتمان پێی پێئەکەنێ!

### جام

جامێک هەتاو
لەسەر قەراغی خەونێکم
دانرابوو
کە بێزاریم دەستی جووڵان
ئانیشکی بەر جامەکە کەوت
هەتاو ڕژا و
لە خەونیشما
تاریک داهات!

### سووتوو

تۆ نابینی
ئەوە بە تەنها سووتوو نین
جگەرەکەم ئەیانخاتە
سەر تەپڵەکەکەی بەردەمم
ئەوە تێکەڵەی سووتانی
خۆم و شیعرە وەختێ خەمم
ئەبێ بە دووکەڵ و پەنجەیش
بەژنی زەردهەڵگەڕاوی وڵاتەکەم!

### لەسەرکردنەوە

لەبەر ئەوەی کەڵێک لەسەر
مامزە دیلکراوەکان هەڵیدایە
گرتیان و قۆچێکیان شکاند.
لەبەر ئەوەی تەیرێ لەسەر
مافی هەموو خشۆکەکان هەڵیدایە
گرتیان و پەڕوباڵیان کرد.
لەبەر ئەوەی شاعیرێکیش
لەسەر هەموو نێچیرەکان هەڵیدایە
ڕاوچییەکان شاعیریان گرت و
هەموو شیعرەکانیان سووتان!

سلێمانی/ کۆتایی ٢٠٠٧ و سەرەتای ٢٠٠٨